# ئازادی لە روانگەی ئاینە ئاسمانیەکانەوە

## ئامادەکردنی: شاهۆ ب . رۆژهەلاَت

پێش ئەوەی کە باس لە ئازادی لە روانگەی ئاینە ئاسمانیەکانەوە بگرێت پێویستە ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە کە ئایا ئازادی چیە؟ و مەبەست لە ئازادی چیە؟ و ئایا هەمووی ئێمە روانگەیەکی یەکسان و وەک یەکمان هەیە لە ئازادی؟ بۆ ئەوەی کە باشتر بچینە قوڵایی باسەکەوە، ئاشێرە بە چەن بۆچوون سەبارەت بە ئازادی دەکرێ و دواتر ئازادی لە دەربیچەی ئاییینەکانەوە بە کورتی شیدەکرێتەوە.

ئازادی پێکهاتووە لە کۆمەڵێ ویست و خوازی سروشتی کە بۆ یەکەم جار لە کانیاوی تاکەکەسیەوە سەرچاوە دەگرێ. یادگاریەکە لە دەروونی ئینسان‌دا کە لە ژیانی بێ شەرت و مەرج وەری گرتووە و کاتێ ئەو دیاردەیە دێتە دونیای عەقلانیەتەوە پێناسەی رەسەنی خۆی لێوەردەگیرێ و بە پێی شوێن و کات مانا و کەسایەتی دەدرێتێ. هەر ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە لە زۆر جێگادا لیباسێ لەبەر ئازادی‌دا دەبین‌درێت کە لەگەڵ بنەرەت و رەسەنایەتی ئازادی‌دا نایەتەوە و دژایەتی هەیە. لە درێژایی مێژودا دیوومانە و خوێندوومانەتەوە کە زۆر زاڵم و خاوەن دەسلاتی بێ ویژدان هاتوون و رەنگ و روویەکی ئازادیانەیان داوە بە جەنایەتەکانیان و هەمیشە گووتوویانە کە ئێمە ئازادی بەر چاو دەگرین و ئەم جەنایەت و کوشتارانە تەنیا بۆ بەردەوامی و سەقامگیر بوونی ئازادی ئەنجام دراوە.

بەلاَم ئازادی هەوڵ دەدا کە دەقەرێکی یەکسان ساز کات بۆ هەمو مرۆڤەکان بە بێ‌رەچاو کردنی رەنگی پێست و دین و کولتور و مێژو و زمان، نەک ئەوەی کە کەسێ سەیتەرەی هەبێت بە سەر کۆمەڵێ گیان لەبەری‌تردا. ئەوەی کە ئەمرۆ بە ناوی ئازادی دەبین‌درێت تەنیا نوسخەیەکی بە درۆ کۆپی‌کراوە کە هەر زالم و دەسەلاَت‌دارێ بە دەستیەوە گرتووە و دەیهەوێ مەشرووعیەت و رەسەن بوون بدات بە کردەوە نائینسانیەکانی.

هەر لەو رۆژەوە کە ئاییینەکان لە دایک بوون و هاتوونە نێو ژیانی مرۆڤەوە، هەوڵیان داوە کە بۆ ژیانی ئازادی مرۆڤ شەرت و مەرج دابنێن. سەیر ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ئاییینەکان باس لە خودایە دەکەن کە توانای هەمو کارێکی هەیە و پێکهێنەری دونیا و هەمو لایەنەکانیەتی و جگە لەو خودایە هیچ خودایەکی‌تر نەبووە و نیە، بەلاَم هەر ئەو خودایە لە ئاییینە جۆراوجۆرەکانی‌دا فەرمووده و دەستوورەکانی وەک یەک ناچن و لە زۆر شوێن‌دا لە جیاتی ئەوەی مێهرەبانی خودایانەی هەبێت لە مرۆڤ دەبێت بە دوژمن و هەوڵی کوشتن و بڕینی دەدا.

لە کتێبی جولەکەکان‌دا "تەورات" هاتووە کە خودا بە ئینسانی گوت کە لە هەمو دارەکانی باغ کەڵک وەرگرە بەلاَم هەرگیز بۆت نییە کە لە داری مەعرەفەتی چاک و خراپ بخۆی کە ئەگەر لێی بخۆی بە زووترین کات دەمری. بەم شێوەیە خودا چەلەمەیەکی لە پێش ویست و خوازی ئینسان دانا. ئینسان نەی‌دەزانی کە بە خواردن لەو دارە هاورێیەتی خودا لە دەست دەدا و بە بێ جل وبەرگ و بە بێ پێلاو دەکەوێتە بیابانی کوێرەوەری و پەژارە دیتن. بەلاَم هەست و دەروونی نائارامی ئینسان لە فەرمانی خودا لای دا و لە دارەکە کە هێندێ دەڵێن داری هەنار بووە و هێندێکی‌تر بە دارەسێوی دەزانن و هێندێ جاریش بە گەنم مانا کراوەتەوە، دەخوا. چوون لە روانگەی ئینسانەوە بەهەشت بە هەمو خۆشی و نێعمەتەکانیەوە بە بێ بوونی ئازادی هیچ گرینگی و ئەرزشێکی نیە. هەر لەو کتێبەدا "داوود" باوکی "سولێیمان" و پاشای ئیسرائیل دەبینین کە ئازادی تەنیا لە پیرەوی کردن و تاعەت کردن لە یاسا و شەریعەتی خودا دەزانێ. لە

مەزموری 119دا دەڵێ کە :" ئەی خودا! رووحمی تۆ بە من بکات، کە من شەریعەتی تۆ هەمو کات لە بەر چاو دەگرم و بە ئازادی دەگەم."
"ئادەم" بۆ گەیشتن بە ئازادی لە فەرمانی خودا لای دا و لە بەهەشت خرایە دەر، بەڵام "داوود" پەیرەوی کردن لە زیاتر لە 713 فەرمان و دەستووری خودا کە تەنیا دەڵێن وا بکا و وا مەکە یان ئەوەی بخۆ یان ئەوەی مەخو بە ئازادی دەزانێ.
لە روانگەی مەسیحیەتەوە ئازادی تەنیا لە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ گوناحدا دەبیندرێت بەو مانایە کە نە تەنیا ئینسان بەڵکو هەمو دونیا لە تاریکی و رەشاییدا قم دەبن و تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن بکەن بە ئازادی و رزگاری کە لە قولایی دڵیانەوە ئیمان بە عیسا بێنن و وەک کوری خودا لە سەر ئەرز چاوی لێبکەن.
لە ئیسلامدا لە زۆر جێگا ئازادی بەرامبەر بە کفر دادەندێت. ئیسلام دیاردەکان ناخاتە نێو چوارچێوەی چاک و خراپەوە، بەڵکو ئەوەی گرینگە لە سەرەتاوە کافربوون و موسڵمان بوونە، بە زمانێکی زۆر ئاسان دەبێ بڵەین کە لە ئیسلامدا ئەوەی گرینگە موسڵمان بوونە نەک چاک و خراپ بوون. دان بە ئیسلام هێینان یەکەم تایبەتمەندیە بۆ هەر مرۆڤێ. ئەگەر تۆ موسڵمان نی، ئەوە لە ریزی ناپاکان و پیسەکان و نەجسەکان دادەندرێی و هەر چی زووتر و زۆرتر کافرەکان بکوژرێن باشترە و چاکتر. حەتا ئەگەر پەیرەوی یەکێکیتر لە دینەکانی ئیبراهیمی وەک یەهودیەت و مەسیحیەتیش بیت دیسان بە بێرێزی چاوت لێ دەکرێ و دەبێ بە زەلیلی و ملکەجی جەزیە بدەی بە موسڵمانان. لە ئایەی 29 سورەی "تۆبە"دا هاتووە کە :" ئەی ئەهلی ئیمان! لەگەڵ کەسانێ کە ئەهلی کتێبن و نە ئیمانیان بە رۆژی جەزا هەیە و نە بە ئەو شتانەی کە خودا و رەسووڵی خودا حەرامی کردوون، شەر بکەن تا ئەو کاتەی کە وان تەسلیم دەبن و بە زەلیلی و ملکەجی و بە دەستی خۆیان جەزیە بدەن."
ئەگەر لە بنەماڵەیەکی موسڵماندا کەسێ لە دایک ببێت، ناتوانێ کە دینی خۆی بگۆری، بە پێی ئایەی 85 سورەی" آل عمران" دا هاتووە کە :" هەر کەس جگە کە ئیسلام هەر دینێکیتر بۆ خۆی هەڵبژێرێت ئەوە لێی قەبووڵ ناکرێت و لە قیامەتدا لە دەستەی ئەو کەسانەن کە زەرەرکراون."
یان ئەوەی رەخنە لە ئیسلام بگرێ و ئەگەریش ئەو کارە بکات، بە نێوی مورتەد و کافر جەزا دەدرێت و بە ناحەزترین شێوە دەکوژرێت. سەبارەت بە موشرێکین و ئەو کەسانەی کە ئیمانیان بە ئیسلام نییە ئاوا لە قورئاندا نووسراوە. ئایەی 28 سورەی "تۆبە" کە :" ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە! موشریکان ناپاکن و نابێ لەم ساڵرا لە "مسجدآلحرام" نزیک ببنەوە و ئەگەر لە فەقیر بوون دەترسن، خوا هەر کات بیهەوێ بە ئێوە کەرەم دەکات. بە راستی کە خودا زانا و حەکیمە."
ئیسلام ئیجازە نادا کە کاسانێ بێن و باسی دینێکی تازە بکەن، بەڵکو لەسەر ئەو باوەرەن کە ئیسلام و ئەندیشەی ئیسلامی هەمیشە و بۆ هەتا هەتایە درێژەی هەیە و باسی هەمو دەرد و کۆریەکانی هەمو کۆمەڵگاکانی تێدایە. مرۆڤ ئەگەر وەدوای یاسای ئیسلامی کەوێ پێویستی بە ئایینێکیتر نابێت و نییە. هەر بە پێی ئەو بیرۆکەیە تا ئەمرۆ لە وڵاتانی موسڵماندا زۆر وەحشیانە پەیرەوانی دینە تازەکانیان وەک بەهایی و ئەحمەدی و کاکەیی و .. ئازار داون و کوشتوویانن. بە داخەوە کاتێ ئیسلام رووبەرووی غەیرەموسڵمان دەبێتەوە داوا لە موسڵمانان دەکات کە بێرێزیان پێبکەن و لەگەڵیان نەبن بە هاورێ. وەک ئایەی 51 سورەی "المائدە" کە دەڵێ:" ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە! لە یەهودی و نەصاری کەس بە وەلی ( و هاورێ

و پشتیوانی) خۆتان مەگرن. ئەوان هاوڕێی یەکترن و کەسانێ کە لەگەڵ وان ببن بە هاوڕێ، ئەوە لە وانن. خودا جەماوەری ستەمکاران هیدایەت ناکا."

لە مەسیحیەتیشدا ئەگەرچی ئەم توندوتیژیەی وەک ئیسلام نابیندرێت بەڵام لە سەر ئەو باوەرەن کە خودا شەریعەتی عیسای ناردە سەر زەوی تا مرۆڤ بەختەوەر بێت و رێگای ئازادی بکرێتە بەر. لەو شەریعەتەدا پێوست بە ئایین و بەرنامەیتر ناکات بۆ گەیشتن بە خودا چونکە هەمووی ئێمە بەشێکین لە خودا بەو مانایە کە بەشێ لە رووحی خودا لە دەروونی هەموو کەسێدا هەیە.